## مێژووی موزیك و ئاوێتە بوونی لە گەڵ مرۆڤ

موزیك هونەرێكی دێرینە، هیچ زانیاریەك لەبارەی بنەچەی تەواوی ئەوەوە نییە، بەڵام سەرەتاكانی بە دڵنیاییەوە لەسەر دەنگی سروشت، واتە لە توخم و زیندەوەرانی، كە لە سروشتدا دەژین، وەك دەنگی درەخت و باڵندە و ڕووبار و گیانلەبەران و دەنگەكانی دیكە هاتووە، مرۆڤی كۆن سەرەتایی و سادە بووە، موزیك لای ئەوان بەشێك بووە لە پەرستن و نزاكردن بەتایبەت لە بۆنە ئاینیەكان، وە موزیك بەكارهاتووە بۆ بەرزكردنەوەی ورەی جەنگاوەران لە شەڕەكاندا، سروشت خەڵكی هانداوە، بۆ ئەوەی موزیك لێبدات و پێی ئاشنا بێت،

مرۆڤ نەیتوانیوە بەسەر سروشتدا زاڵ بێت، بۆیە موزیك كاریگەری هەبووە بۆ سەر مرۆڤ، كە لە ڕێگەی ئاوازەكانەوە دڵنیایی و شادی و هێمنی دەروونی پێببخشێت و ئەو ترس و دڵە ڕاوكێیەی هەیەتی بڕەوێنێتەوە.

سوود وەرگرتنی مرۆڤ لە موزیك بە ئاسان بووە، چونكە ڕیتم و ئاواز وەك دوو پایەی سەرەكی موزیك لە سروشتی مرۆڤدا بوونی هەبووە. لەم ڕووە لە بەشێكی زۆری خێلە سەرەتاییەكاندا موزیك بوونی هەبووە لە مەراسیمە ئاینییە جۆراوجۆرەكاندا و هۆكارێك بووە بۆ پێكەوە گرێدانی تاكەكانی خێڵەكە و لەناوبردنی ترس و دروستكردنی ئارامی.

هەر بۆیە موزیك زمانی خۆزگە و هەستە مرۆییەكانە و هەر گەلێك لە بواری كلتوری و فەرهەنگی خۆیدا موزیكی تایبەتی خۆی هەیە.

## پەروەردەی موزیك:

موزیك هەستكردنی خوێنەر یان گوێگرە بەو ئاوازانەی دەنگەكانی وشەكان و جۆری هەست و سۆزی دەرون و مانای وشەكان لە ئەنجامی ترپەی بڕگەكان و پێكهاتنی پێیەكاندا بەكێشی هەڵبەستەكەی دەدەن.

ئەم بوونەش پایەکانی لە مرۆڤدا پێویستی بە پەروەردەکردنە بۆ پەرەپێدان و گەشەکردنی، پرۆسەی پەروەردەکردنەکەشی لە ناوەندکانی خوێندنی وەك باخچەی منداڵان، قوتابخانە و پەیمانگا و کۆلێژەکاندا ئەنجامدەدرێت، لە بۆ فێرکردنی مۆسیقای تیۆری و پراکتیکی و ڕەنگدانەوەی کاریگەری بابەتی پەروەردەی موزیکیش لەسەر هەڵسوکەوتەکان دەردەکەوێت لە ناوەوە و دەرەوەی باخچە و قوتابخانە.

بە گشتی پەروەردە سود لە جۆرەها بیردۆز دەبینێت، کە لەلایەن زانستیە فەلسەفییە کۆمەڵایەتییەکان داهێندراون. بۆ لێکدانەوەی دیاردە دەروونی و کۆمەڵایەتییەکان و ڕەفتارەکانی مرۆڤ، بەڵام موزیك بەتایبەتی لە زۆربەی زانکۆکانی دنیا لە خانەی پەروەردە هەژمار دەکرێت، بۆیە دەکرێت بڵێین موزیك جۆرێکە لە پەروەردە. لە کۆنەوە ژمارەیەکی زۆر لە فەیلەسوفەکان وتەیان هەبووە دەربارەی موزیك و هەمووشیان کۆکن لەسەر گرنگیی موزیك لە ژیانی مرۆڤدا، کاریگەرییەکان لەسەر پەروەردە لێکتێگەیشتنی مرۆڤە، کە بەشێوەیەك کە هەندێکیان دەستەواژەی پەروەردەی جوانناسی (ستاتیکا) لە شوێنی دەستەواژەی (پەروەردی موزیکی) بەکاردەهێنن، کەواتە دەتوانین بڵێین منداڵێکی پەروەردە کرا و بە پەروردەی موزیکی دروست، پەروەردەیەکی تەندروستە لە بیرو ڕەوشت و بەها مرۆڤایەتیەکان بەرهەم دەهێنێت. لە یۆنانی کۆندا بەڕادەیەك موزیك گرنگ بووە لە پەروەردەدا، کە فەیلەسوفێکی وەك (ئەفلاتون) دەڵێت: "(لێمگەرێ با گۆرانییەکانی گەل دروست بکەم، بۆم گرنگ نییە کێ دەستوریان بۆ دروست دەکات)

یۆنانیەکان پەروەردەکردنی منداڵەکانیان دابەش کردبوو بەسەر سێ لایەن، کە بریتی بوو لە پەروەردەی جەستەیی، کە پێیان وابوو وەرزش پەروەردەی دەکات، پەروەردەی ڕۆح و ویژدان، موزیك دەیکات، هەروەها پەروەردەی عەقڵ ماتماتیك و فیزیا و فەلەکناسی دەیکات. بە سەرنجدان لە مێژووی پەروەردە لە شارستانیەتە کۆنەکانی جیهان، کە لە دوای سەردەمی یۆنانەکاندا هاتوون، وەك شارستانیەتی ڕۆمانی و دوای ئەوان شارستانیەتی ئەوروپی لە سەدەکانی ناوەڕاست کە لە کڵێسا لەو سەردەمەدا تەواو باڵادەست بوو، تا دەگەینە سەدەی هەژدەهەم، دەبینین لە هەموو قۆناغەکاندا موزیك وەك زانستیکی سەرەکی هەژمارکراوە، خویندنی موزیك سەپێنراوە بەسەر قوتابخانەکان و خوێندنگاکانیان، کە ئەمەش

ئاماژەیەکی ترە بۆ گرنگیی موزیك لە پەروەردەدا. لە سەرەتای سەدەی هەژدەدا پەروەردەکاران کۆمەڵێك بیردۆزی یارمەتیدەریان بۆ فێرکردن دروستکرد، کە موزیك تێیاندا گرنگییەکی زۆری پێدراوە. لەم پەروەردەکارانە نموونەی (بیستالۆتیزی، جاك دالکرۆس، جان جاك رۆسۆ، زۆلتان کۆدالی، فرۆبڵ، ماریامۆتی سۆری، کارڵ ئۆرف، هاروت گارنەر) و چەندانی دیکە.

بەپێی زۆربەی سەرچاوەکان پەروەردەی موزیك رۆڵێکی گرنگیی هەبووە لە یۆنانی کۆندا دابەو پێیەی منداڵە یۆنانیەکان زۆربەی رۆژەکانیان خەریکی ئەزبەرکردنی هۆنراوەکان بوون لە رێگەی ئاوازە موزیکیەکان لەگەڵ ئامێری چنگ (هارب، القسارە). لە قوتابخانەی رۆمانیەکاندا موزیك شان بەشانی وانەکانی تر دەخوێندرا و گرنگیی هەبووە، بابەتەکانی ئەوسای قوتابخانەکان بریتیبوون لە (رەوانبیژی، رێزمان، ژیربێژی، ژمێریاری، موزیك، ئەندازە، گەردوناسی) ئەو رۆڵەی موزیك دەیگێڕا نزیکتربوو لە وانەی بیرکاری و کاریگەرتر بووە.

- **موزیك وەك زانست**

زانستی موزیك لقێکە لەزانستە فیزیایەکان کە لەسەر تیۆری دەنگەکان بنیاتنراوە کە کار لەسەر رێکخستنی دەنگەکان جیاوازەکان دەکات و ریزیان دەکات بەشێوەی پلە بە پلە، هەروەها موزیك پێکدێت لە دوو رەگەزی سەرەکی کە ئەوانیش بریتین لە (دەنگ و کات) یاخود (ئاواز و ریتم) (

زاهید (١٩٩٩) ئاماژە بە پێناسەی (ابن سینا) دەکات کە دەڵێت" موزیك زانستێکە هاوشێوەی بیرکارییە، لە رەوشی دەنگەکان دەکۆڵێتەوە لە رووی هارمۆنی و گونجاوی و نەگونجاوی نێوانیان، ئەمەش تایبەتە بەزانستی ئاواز وئەوکاتەی دەیخایەنیت کە کورتکراوەتەوە بۆزانستی ریتم. هیلات و خصاونة (٢٠٠٧) دەڵێت "موزیك زانستێکی سروشتیە لەسەر بنەمای رێسای بیرکاریانە بنیات دەنرێت،کەتێیدا پشت بەدەنگ دەبەستێت لەروی پێوانی میانەوە

وەجوڵەو لەرە لەری دەنگەکان، ڕۆڵی هونەرمەندی داهێنەر بریتی دەبێت لەگونجاندن وگەشەپێدان و بەستنەوەی ئەودەنگە موزیکیانە بەیەکەوە"